


# له فیلمیشدا وێنه دەگرێتەوە

ئـەم سـەردەمە سـەردەمی مەرگی وێنەی فۆتۆگرافی سـەر کاغـەزە، هەوڵدەدەین لەکاتی کڕینی مۆبایلدا ئەو مۆبایلانە هەڵبژێرین کە کوالیتی کامێراکەیان لەسەرێیە، لە میمۆری مۆبایل و هاردی کۆمپیوتەردا بە هەزاران وێنەمان هەن، بەڵام هیچ کام لە وێنانە لەسەر کاغەز چاپ نەکراون، لە ماڵەکاندا ئەلبۆم بەکەمی دەبیندرێت، گەرچی خستنە وێنەکان بۆ سەرکاغەز لە ئاوخواردنەوە ئاسانترە.

فوجی یەکێکـە لە برانـدە بەناوبانگەکانی بەرهەمهێنی کامێـرا، مێژووی کۆمپانیای فۆجی ژاپۆنـی زۆر لەمێژە. لـەم ماوەیەدا کۆمپانیای ناوبراو کامێرایەکی بێ ئاوێنەی بەرهەم هێناوە کە لەگەڵ خۆیدا پرێنت هەیە و بەیەك چرکە وێنەکە دەکاتە سەر کاغەز..

کامێراکـە بـە جـۆری Instax Square SQ20 ناسـراوە، دەکرێت فیلمـی ١٥ چرکەیەش بگرێـت و لـە فیلمەکەشـدا چ شـوێنێکت مەبەسـتە پرێنتی بـکات. کامێراکە دوو ڕەنگی ژنانە و پیاوانەی هەیە و پشتیوانی لە فۆرماتی JPG دەکات.

# SSDیەکان گۆڕانکاری گەورە لە کۆمپیوتەردا ئەنجام دەدەن




کۆمپیوتەرەکان چ کۆمپیوتەری سـەرمێز واتـە دیسـکتۆپ، چ کۆمپیوتـەری لاپتـۆپ هەتـا ئێسـتا بـۆ هەڵگرتنـی داتاکان لەوکاتەوەیە کە بەرهەم هێنراون سـوود لە هارددیسـك کە بە HDD ناسـراون وەردەگرن، هارددیسـکەکان سیستەمی کارکردنیان بەپێـی خولانـەوەی پەپکەیەکـە بـە دەوری بازنەیەکـی موگناتیسـیدا، لەماوەی زیاتر لە ٣٠ سـاڵدا گۆڕانکاری گەورە بە سـەر هارددا هاتووە، هەم بچـووك بوونەتـەوە و هـەم قـەوارەی هەڵگرتنـی داتاکانیان زیاتر بـووە، بەڵام ئەو سیستەمە تارادەیەك کێشەی خۆی هەبووە، لەمساڵانەی دواییدا ئامێرێکی دیکە بەناوی SSD بەرهەم هات، کەم بچووکترە لە هاردیسك و هەم شێوازی کارکردنەی جیـاوازە، بـەڵام تێچـووی بەرهەمهێنانـی گرانە، ئەگـەر تێچـووی بەرهەمهێنانی هەرزان بێت، لە داهاتوودا گۆڕانکاری گەورە دەبینن لە کۆمپیوتەرەکاندا، بۆ نموونە لاپتۆپێك قەوارەی هەڵگرتنی داتاکانی دەگاتە ١٠ ترابایت!

سامسـۆنگ لـەم ماوەیـەدا SSDیەکی بەرهەم هێناوە کە بە QVO 860 ناسـراوە، ئـەم SSDیانـە توانـای هەڵگرتنی ١ ترابایتی و ٤ ترابایتیـان هەیە. قەوارەیان ٢,٥ ئینجە. بەپێی راگەیاندنی سامسۆنگ ئەم SSDیە نرخەکەی هەرزانە و بەهۆیەوەش گۆڕانـکاری گـەورە لـە نـرخ و کوالیتی لاپتۆپەکانـدا پێکدێت. خێراییەکەیان ٥٥٠ میگابایت لە چرکەیەکدایە.

# پلاکی سمارت
# بۆ زانینی ڕێژەی وزە




هەرچەندە ئەم ناوچەیەی ئێمە ماوەیەتی بگاتە ئەو ئاستەی کە سوود لەو پلاکە کارەباییە وەربگرێت، بەڵام ئەگەر زەمان گۆڕا و کارەبا بەردەوام بوو، دەکرێت ئەمە بەکار بێنن. پلاکی هۆشمەندی جۆری Currant smart outlet بۆ ئەوەیە بزانی ئامێرە کارەباییەکانیماڵەوەت چەندە وزە وەردەگرن و بتوانی دەست بەکارەباوە بگری چونکە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا تێچووی بەکارهێنانی کارەبا زۆرە و لە بچووکترین هەڵ کەڵك وەردەگرن ئامێرەکانیان بکوژێننەوە..

پلاکە سمارتەکە لە ڕێگای وای-فایەوە لەگەڵ مۆبایلەکە پەیوەند دەدرێت، لە ڕێگای ئاپێکی تایبەتەوە دەزاندرێ و نیشاندەدا کە ئەم ئامێرە (بەفرگر، سپلیت، تەلەڤزیۆن... تاد) چەندە کارەبایان پێویستە و بزانی لە مانگێکدا چەندە کارەبا بەکار دێنی. هەر لە ڕێگای مۆبایلەکەتەوە دەتوانی ئامێرەکان بکوژێنیەوە، یان کاتیان بۆ دابنێی، بۆ نموونە هەموو شەو کە کات لە ١٢ لایدا تەلەڤزیۆنەکە بکوژێتەوە، سپیلتەکان لەکاتێکی دیاریکراودا هەڵبکرێن و بکوژێنەوە.

# بێنتلی یەکەمین وای-فای ناو ئۆتۆمبیل

کاتێك سواری ئۆتۆمبیلەکەت دەبی، بۆ گەشتێك دەڕۆی، هەست پێدەکەی لە هەموو شوێنێك وای-فای وەك یەك نییە، شوێن هەیە تۆڕی مۆبایلەکەی لاوازە و هەشە بەبەرزی دەیهێنێت، هەتا ئێستا سیستەمێکی وای-فای تایبەت بە ئۆتۆمبیل دانەندراوە، کۆمپانیایەك لەم بوارەدا خۆی تاقیکردۆتەوە و ئامێری Bentley in-car WiFi بەرهەم هێناوە، ئامێرێکی خێرا و لە بواری ئەمنییەوە بەهێز و تایبەتە بەوانەی کاری بزنس و بازرگانی دەکەن.

ئەم سیستەمەی وای-فای تۆڕێکی تایبەت بەخۆی هەیە و ئەگەر خێرایی ئۆتۆمبیلەکەت سەرووی سەدیش بێت کێشەی دابەزینی وای-فای نییە، تۆڕە تایبەتەکە ١٤ ملیۆن کەناڵی وای-فای لە ٣٠ وڵاتی جیهاندا هەیە.

ئامێرەکە هیچ وایەرێکی تایبەتی تێدا نییە، سیستەمەکە لەناو خودی ئۆتۆمبیلەکە دادەندرێ و لە باتری ئۆتۆمبیلەکە وزە وەردەگرێت.






# له داهاتوودا دەفتەری نووسین نامێنێ

ڕەنگە سەردێڕی بابەتەکە تا ڕادەیەك سەرنج ڕاكێش بێ، دەفتەری نووسین ئەگەر نەمێنێ چ شتێك جێگرەوەی دەبێت؟ ساڵانە لە قوتابخانە و زانکۆکاندا ئەوەی زۆر کەڵکی لێوەردەگیردرێت دەفتەری نووسینە، کەوایە لە داهاتوودا چ شتێك دەبێتە دەفتەری نووسینی قوتابخانە و زانکۆکان؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەبێت بڵێین ماوەیەکە هەوڵ دەدرێ کاغەزی دیجیتاڵی بەرهەم بێت کە هەم بەکارهێنانی ئاسانترە و هەم تێچووی کەمتر و هەم ئەرکەکانی ئاسانتر و زیاتر.. دەفتەرە دیجیتالییەکان هەر ئەوە نین وەك دەفتەری کاغەز بەکاری بێنین، بەڵکو بە یەك چرکە دەسڕدرێنەوە، بابەت و نووسینەکان دەکرێت لە ئینتەرنێتدا هەڵبگیردرێن و ڕاگوێزرێن، پاش نووسینیش گۆڕانکاریان تێدا دەکرێت.. یەکێك لەم دەفتەرە دیجیتالیانە شاشەی جۆری JustWrite،ە، ئەم شاشەیە بەکارهێنانی ئاسانە، قەڵەمێکی تایبەتی لەگەڵدایە کە دەکرێت بەهۆیەوە ئەوەی لە دەفتەری ئاسایی دەکرێت پێی ئەنجام بدەی، زۆر خێرایە، نە تەنیا بە قەڵەمی تایبەتی خۆی بگرە دەکرێت لە قەڵەمی ئاسایش بۆ نووسین سوود وەربگری. دەیان ستایلی لە پێشدا ئامادەکراو و ئامرازی جۆراوجۆری تێدایە بۆ ئەوەی کە ئەرکەکان ئاسانتر ئەنجام بدرێن.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت زۆربەی پرۆگرام و ئەنتی ڤایرۆس و سیستەمەکانی ویندۆز کە لە کۆمپیوتەر دایان دەبەزێنین ئەوانەی بێ بەرامبەرن فایلی crackیان تێدایە، ئەوە یانی چی؟ crack چییە؟**

خوێنەری بەڕێز کاتێك کۆمپانیایەك یان کەسێك پرۆگرامێك دروست دەکات، پرۆگرامەکەی بۆ فرۆشتنە و دەیەوێ لە ڕێگای ماندووبوونی خۆیەوە مافی خۆی وەربگرێ، بۆیە سریال نەمبەر واتە (کۆدی تایبەت) دادەنێ بۆ پرۆگرامەکەی یا ماوەیەك دیاری دەکات و دوای ئەو ماوەیە پرۆگرامەکە لە کار دەکەوێت. لە بەرامبەر ئەوەشدا کەسانێکی دیکە هەن بەناوی cracker ئەوانە کاریان ئەوەیە کۆدی ئەو پرۆگرامانە بکەنەوە و بێ بەرامبەر دایبەنێن، کاری کراکێرەکان نا یاساییە و لە ڕاستیدا دزییە. ئەرکی فایلی کراك ئەوەیە کە پرۆگرامە سنووردارەکەت بۆ بکاتە پرۆگرامێکی ئاسایی و یاسایی و بتوانێ بەبێ گرفت بەکاری بێنی..



# ماوسێکی پەنجەی سێ ڕەهەندی

لە شەستەکانەوە ماوس وەك ئامێرێکی گرنگ بۆ کۆنترۆڵ کردنی کۆمپیوتەر بەرهەمهات، لە ڕاستیدا ماوس بوو بە شاکلیلی کۆمپیوتەر و بەهۆی ئەوەوە گشت فەرمانەکان ئەنجام دەدرێن. ماوسەکان شێواز و ستایلیان جۆراوجۆرە، بەڵام هەموویان یەك ئەرك ئەنجام دەدەن، بەگشتی بۆ کار پێکردنی ماوس لە دەست سوود وەردەگرێ و بەکارهێنەر بەپێی چەپ و ڕاستی دەستەکانی خۆی دەتوانێ ئەرکەکانی بگۆڕێت، بۆ نموونە ئەوانەی چەپ دەستن دەتوانن بە گۆڕینی فەرمانێك لە کۆمپیوتەردا دوگمەی فەرمانەکە لە ڕاستەوە بگۆڕن بۆ چەپ.. هەروەك دەزانن ماوس بە لەپی دەست دەجولێت و بە پەنجەکانیش دوگمەکان دادەگیردرێن.. بەڵام ماوسی جۆری neo reflec- tion کە سێ ڕەهەندییە و واتە لە سێ لاوە سوودی لێوەردەگرێت تەنیا بە پەنجەی شەهادە و پەنجەی گەورە سوودی لێوەردەگیردرێت، ماوسەکە وەك گوستیلەیەك لە پەنجەی شەهادە دەکرێت و بە پەنجەی گەورەش فەرمانەکان ئەنجام دەدرێن. ماوسەکە بەقەد پێنووسێك دەبێت، بەپێی جوڵەی دەست ئەویش دەجولێت.



# شەحنکەرەوەیەکی وایەرلەیسی تایبەت

ئامێرە تەکنەلۆژییەکان دیجیتالییەکان زۆربەیان بەهۆی بارگاوی کردنەوە وزە وەردەگرن، واتە شەحن دەکرێنەوە، شەحنکردنەوەی ئامێرە دیجیتالیەکانی وەك مۆبایل، کامێرا، ئامێرەکانی دەنگ، کاتژمێرە هۆشمەندەکان..تاد ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر سەرقاڵ دەکات، ئێستا هەر مرۆیەك لانی کەم ئامێرێکی هەیە کە دەبێت ڕۆژانە شەحنی بکاتەوە..

شەحنکەرەوەکان بە زۆری لە ڕێگەی کێبڵەوەن و بەهۆی تەزووی کارەباوە شەحن دەبنەوە، ماوەیەکە شەحنی وایەرلەیس واتە شەحنکەرەوەی بێ کێبڵیش هاتوونەتە ناو جیهانی تەکنەلۆژیای نوێوە، بەڵام کێشەیەك هەیە لە شەحنە وایەرلەیسەکان ئەویش ئەوەیە تەنیا تایبەتن بە مۆدێلێکی تایبەتی لە مۆبایلێك، بۆ نموونە شەحنی وایەرلەیسی سامسۆنگ ناتوانێت هواوی شەحن بکاتەوە یان شەحنی وایەرلەیس ئایفۆن مۆبایلەکانی دیکە شەحن ناکاتەوە.. لەم ماوەیەدا کۆمپانیایەك هەوڵیداوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکات و بۆیە شەحنێکی وایەرلەیسی بەرهەم هێناوە کە بۆ هەرچی مۆبایل و تەبلێت کە لە سیستەمی وێ وایەر سوود وەردەگرن دەگونجێت، جیاوازی لە نێوان ئایفۆن و گەلەکسی ناکات. ئەم شەحنە وایەرلەسە کە بە جۆری Ultra slim Qi-enabled Wireless Charging ناسراوە قەبارەیەکی بچووکی هەیە و دەکرێت لە گیرفانیش بخرێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر تەنکە لەگەڵ گشت جۆرە ئامێرێکی تایبەت بە شەحنکردنەوەی وایەرلیس دەگونجێت..



## ماڵپەڕێک وەک تاقیگەی خەمۆکی

لە ناو ملیۆنان ماڵپەڕی جیهانی ئینتەرنێتدا، هەندێك سایتی زۆر بەکەڵك هەن بۆ ئەوەی دەبێت سەردانیان بکەن، ماڵپەڕەکانی تایبەت بە تەندروستی، چ بواری جەستەیی و چ بواری دەروونی خزمەتگوزارییەکی باش ئەنجام دەدەن، یەکێك لەم ماڵپەڕانەی کە دەکرێت وەك تاقیگەیەکی نەخۆشی خەمۆکی بۆ گەورە سالان سوودی لێوەربگیردرێت، ماڵپەڕی thiswayup.org.au ە، ماڵپەڕەکە خزمەتگوزارییەکانی بێ بەرامبەرە، لایەنی سترێس و نیگەرانییەکانتان بەشێوەیەکی نامۆ دەست نیشان دەکات. دوای تێستکردن نیشان دەدات کە دەروونتان تا چ ڕادەیەك جێگیرە وچەند پێشنیارێکیش دەکات بۆ ئەوەی لە باشترکردنی بواری دەروونیتدا سوودی لێوەربگری. ڕاستە ماڵپەڕەکە شوێنی دکتۆرێکی پیشەیی ناگرێتەوە، بەڵام دەشکرێ سوودی لێببیندرێ.

# پرۆگرامێک بۆ ڕێکخستنی کلیکی ڕاست

کلیکی ڕاست یان right click لە ماوسدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، ئاسانکاری زۆری تێدایە لەبری ئەوەی چەند هەنگاوێك ببڕی بۆ ئەوەی فەرمانێکت بۆ جێبەجێ بەڵام بە داگرتنی کلیکی لای ڕاستی ماوس دەتوانی فەرمانەکە بە یەك کلیك ئەنجام بدەی.. کلیکی ماوس لە ویندۆزدا فەرمانەکانی سنووردارن، وەك کۆپی، پێست، کەت... بەگشتی ئەو فەرمانانەی کە لە ویندۆزدا داندراون. ئەگەر بتهەوێ زۆربەی فەرمانەکان بە کلیك ڕاست ئەنجام بدەی، پێویست بە پرۆگرامێکی تایبەتی دەکا، پرۆگرامی Right Click Enhancer دروست بۆ ئەم مەبەستە داندراوە، کاتێك ئەم پرۆگرامەت دابەزاندە سەر کۆمپیوتەرەکەت بە ئاسانی ئەو فەرمانەی کە مەبەستتە دەتوانی پێی ئەنجام بدەی، ئاسانکارییەکی زۆری تێدایە بۆ بەکارهێنەران. بۆ هەر بەشێکیش لە ویندۆز دەتوانی فەرمانی تایبەتی دیاری بکەی، دەتوانی کردنەوەی زۆربەی پرۆگرامەکان بە کلیك ڕاست ئەنجام بدەی.

